

چروو سابیر عزیز، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ڕاسان:

## عەلمانیەت لە وڵاتانی جیهانی سێ لە کوردستاندا ئەوەندە بەهێز نیە، تاکو بتوانین بەرونی قسە لەسەر جیاکردنەوەی دین لەدەسەڵات بکەین

**ئا: ئاسۆ**

دەستوور لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە هاوچەرخەکاندا بایەخ و گرنگی خۆی هەیە و بنەماکانی سەرەکی یە بۆ یەکخستنی کۆمەڵگا دوای دەستوری عێراق لیژنەیەك لەپەرلەمانی کوردستان هەستان بەدانانی ڕەشنوسێك بۆ دەستوری هەرێمی کوردستان , دوای بڵاوکردنەوەی ڕەشنوسی دەستوور لەلایەن ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و ڕەخنەو قسەی زۆر لەسەر ئەم ڕەوشتە کرا بۆ پەرلەمانی کوردستان لەبڕیارێکی دا ڕایگەیاند کەماوەی گفتوگۆ کردن لەسەر ڕەشنووسی هەرێمی کوردستان درێژ دەکاتەوە تا مانگی چواری دوو هەزار و حەوت بۆ قسەکردنی زیاتر لەسەر ڕەشنووسی دەستور ڕۆژنامەی ئاڵا ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ بەڕێز (چرۆ سابیر) سەرۆکی ڕێکخراوی ڕاسان ساز کرد .

**★ لە ماددەی (23) لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاند- عێراق و ئەنجومەنی خۆجێی و شارەوانیەکاندا ڕێژەیەك بۆ بەشداری ژنان تەرخان دەکرێت بە مەرجیك 25٪ کورسی یەکان کەمتر نەبیت ئایا ئەم خاڵە پێچەوانەی خاڵی ژمارە ( 21) نییە لە هەمان دەستوردا کە ماف یەکسان دەبەخشێت بە هەردوو رەگەزەکە؟**

سەبارەت بە هەردوو مادەی"23،21" کە لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتوە. دیارە ئەم دوو مادەیە دژبەیەك دەوەستنەوە، چونکە ئەگەر باس لە بنەمای یەکسانی ژنو پیاو بکەین نابێ قەبوڵی دانانی ڕێژەیەك بکەین بۆ بەشداری ژنانو پێچەوانەکەشی ڕاستە، بەڵام دەبێ بپرسین بنەمای یەکسانی ژنو پیاو لە دەستوری هەرێمی کوردستان لەچیەوە هاتوە؟.. دەستوری هەرێمی کوردستان وەك هەر دەستورێکی تر کەلە تێوریدا پەیڕەو لە بنەمای یەکسانی بونی ژنو پیاو دەکاتو ئەو یەکسانیەش لەدەستوردا دەچەسپێنێ، بەبێ باسکردن لە وردەکاری ئەوبنەمایە، ئەمە بەرای من وەك باوەڕێك ی پتەووقایم بەوبنەمایە نەهاتووە، ئەوەندەی وەك تەقلیدێکی دەستوری وڵاتانی هاوشێوەی خۆمان هاتوە، بۆیە ئەمە بەدەسکەوتێك نابینم بۆ ژنان، چونکە بەرقەرار بونی یەکسانیو مافی یەکسانی ژنو پیاو ڕێو شوێنو کارو خەباتی خۆی دەوێ، دەبێ سیستەمی پەروەردەو فێرکردن. شێوەکانی خوێندن، زمانو فەرهەنگ، یاساکانیکاروباری کەسێتی، زمانی پیاو سالاریانەی ڕاگەیاندنەکان، تد هەموو ئەمانە نەك گۆڕانکاریان تێدا بکرێ، بەڵکو چەسپاندنی یەکسانی، بەمانای هەڵتەکاندنی ڕیشەی پیاوسالاری لە کۆمەڵدا کە بەداخەوە دەستور لەکاتی ناوهێنانی یەکسانی ژنو پیاو هیچ یەك لەو مەسەلانەی باسنەکردوە. بەڵکو بە پەرەگرافێکی بچوك باس لەیەکسانی دەکات، بەڵام ئەگەر قسە لەمادەی 23 بکەین وەك سیستەمی کۆتا، کەلەزۆر وڵاتاندا پەیڕەو دەکرێ، ئەوە بونی خاڵێکی پۆزەتیفە بەنسبەت ژنان، چونکە ئەو ڕێژەیە لەباری واقیعدا گۆڕانی لە ژمارەو پێگەی ژن لەناوەندەکانی یاسادانانا دروست کردوە، هەرچەندە چەندێتیو چۆنیەتی قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام بونی و مانەوەی ئەو ڕێژەیە هەنگاوی زیاترو گۆڕانکاری گەورەتر دروست دەکات، لەلایەکی ترەوە دەبێ ئەوە بڵێین ئەو ڕێژەیەش واتە"25٪ بۆ بەشداری ژنان" بەدەر نیە لەکەمو کوڕی لەوانەش:

1- ئەگەر ئەو ڕێژەیە بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو هەموو بێ مافیە بێ لە ڕابدوودا، بەدرێژای چەندین ساڵ کەبەرامبەر بەژن کراوە ئەوە لەچاو گۆڕانکاریەکانی ئەمرۆ ئەم ڕێژەیە زۆر کەمە بۆ ئەوەی باڵانسی جەندەری یەکسانو

بکات لە کۆمەڵی کوردیدا.

2- ئەم ڕێژەیە تەنیا دەسەڵاتەکانی یاسادانان دەگرێتەوە لەکاتی نوسینەوەی دەستوری کوردستان فرسەتێکی باش بۆ ئەوەی ئەم ڕێژەیە هەم لە ژمارەیەکدا زیاتر بکرێت‌و هەم هەرسێ دەسەڵاتەکانیشی بگرتایەتەوە"یاسادانان، جێبەجێ کردن، قەزائی" کە ئەمانە خواستی ڕاستەقینەی ژنانن، بۆیە من ژنێك ئەوەندەی ئومێدم بە ڕێژەی "25٪" هەیە، ئەوەندە ئومێدم بە یەکسانی نیە، چونکە وەکو گوتم تەنیا ناوهێنانی بنەمای یەکسانی لەدەستوردا، وەڵامێکە بەرووی ئێمەی ژنان‌و هیچی تر.

**★ لە رەشنوسی دەستوردا چەندین ناوو ئاوەڵناو بەکارهێنراون ناوی هەرە سەرەکی ( کوردستان- عیراق ) ە تەنیا ناوی کوردستان بە ڕووتی بەکار نەهێنراوە ئایا نەدەکرا کوردستانی باشور یان کوردستان بە تەنیا بۆ کوردستان بەکار بهێنرایە تا ئەوەی عیراق بەردەوام نەبێتە پاشگری ناوی کوردستان؟ چون لە هیچ ناوچەیەکی جیهاندا ئەم ناوە لیکدراوارنە بەکار نەهینراوە بونمونەلە ئێران ئوستانی کوردستان بە کار هاتووە نەك کوردستانی ئیران ئایا بۆچی دەبیت بەردەوام پاشگری عیراق بە دووای ناوی باشوری کوردستانەوە بێت هۆکەی رەچاو کردنی دۆخە یان خۆ بە عیراقی زانین؟**

بەڕای من ناوهێنانی کوردستان- عێراق هەمیشە و بەیەکەوە هەردوو هۆکارەکە دەگرێتە خۆی، دەسەڵاتی سیاسی کورد بەدرێژایی هەر 3 ساڵەی لە بەغدان و بەشێکی زۆری خەباتی سیاسیان گواستۆتەوە ئەوێ بەناوی چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان بەڵام زۆر لەکێشە هەستیارەکانی میللەتەکەمان بوە بە قوربانی بۆ ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسی لە عێراق، دەرەنجامەکانیش لەبەرچاون، ئەمە وایکردوە ئەوەندەی داکۆکی لەیەکپارچەی عێراق دەکرێ، ئەوەندە کێشە سیاسیەکانی میللەتەکە بیرچۆتەوە. لەهەردوو باردا زەرەر مەندی ئەساسی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان‌و خەڵکی کوردستانن کە هەمیشە دەبێ باجی هەڵە گەورەکانمان بدەین.

**★ هەموو فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیاکانی جیهان و تیۆرزان و باسکرانی پسپۆر لە بواری نەتەوە ناسیدا لە شۆرشی فەرەنساوە ( 1789 ) هەتا هەنوکە لەسەر پیناسەی گشتی نەتەوە کۆکن کە نەتەوە بە کۆمەلە خەلکانێك دەوتری خاوەنی زمان و میژوو و خاك و کلتورو ئاینی هاوبەش بن پرسیاریك لیرەدا دیتە پیشەوە کە لە یەکیك لە ماددەکانی دەستوردا هاتووە کە دەڵێت گەلی کوردستان پیکهاتووە لە کورد و نەتەوەکانی تورکمان و کلدان و ئاشورو ئەرمەن و عەرەب پرسیارەکە بە دیاری کراوی ئەوەیە بە کارهینانی ئەو کەمە نەتەوانە بە نەتەوە کیشەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ئیستاو داهاتووی کوردستان ناخولقینیت ؟**

وەڵام پ4/ ئەگەر پێناسەی نەتەوە لەوەدابێ بەگەلێك دەوترێ نەتەوە کەلەسەر خاکێك بن‌و زمان‌و کەلتورو مێژوی هاوبەش کۆیان بکاتەوە ئەوا نەتەوەی ئەساسی لە کوردستاندا کوردەو ئەو کەمینە"أقلیه"ی کەپێیان دەگوترێ"تورکمان، کلدان، ئاشوری و......تد" کەمە نەتەوەن نەك نەتەوە، بۆ ئێستاو داهاتوش پێم وایە کێشەی یاسایی- سیاسی دروست دەکات، بەوپێیەی لەیەکەمین پرۆژەی دەستوری هەرێمدا واهاتبێ بەپێناسەی نەتەوە ئەوا لە داهاتوشدا دەبێ بەنەریت‌و ئەو پێناسەیە وەکو هەیە جێگیر دەبێ، یەکێ لەو کێشانەی کەبۆمان دروست دەکات بە دڵنیاییەوە زێدەگافیی ولاتێکی وەکو تورکیا دەبێ کە ڕەنگە تورکمانەکان هان بدات بۆ داوای هەندێ ماف کە هێشتا خۆمان وەکو کوردستان بەدەستمان نەهێناون، دەکرا داڕێژەرانی دەستور خۆیان نەخستایەتە ناوهێنانی ئەو هەموو کەمەنەتەوەیە و تەنیا ئاماژەیەك بەبونی کەمە نەتەوەی تر لە غەیری کورد لە کوردستان لە دەستوری هەرێمدا بکرایە، وەك ئەوەی لە دەستوری عێراقدا هاتوە.

**★ زۆرێك لەیاساناس و پسپۆرانی بواری دەستور جەخت لەسەر ئەوە دەکەن سیمای سەرەکیئەم دەستورە سیمایەکی ئیسلامیە بەوپێیەی لەماددەی حەوتدا ئاینی ئیسلام کراوەتە ستراکتۆری نوسینەوەی دەستور ,وەلێ هەمو**

بنه ماكان نييه بەلام بنەمايەكی كاریگەره لەداڕشتنی دەستوردا ، پرسیارەكه لەوێوه دەست پێدەكات گەماڕۆدانی دەستور بەبنەما ئاینیەكانی ئیسلام بەتاڵكردنەوەی خودی سكۆلاریزم نییه كه لەسەر جیاكردنەوەی دین و دەسەلات راوەستاوه ؟ لەلایەكی تر ئەگەرشەریعەتی ئیسلام ڕۆڵی كارا لەنوسینەوەی دەستوردا بگێرێ خۆی لەخۆیدا هەڕەشه نیه بۆسەر مافی ئەوانی تری غەیره موسوڵمان ؟ ئاخۆدەستورێك كەئیسلام ئیحای خۆی پێدابێت چەند دەتوانێ مافی پەیڕوانی ئاینەكانی ترو بی'ئاینەكان بپارێزێت ؟

سەرەتاكانی عەلمانیەت له ولاتانی جیهانی سێ بەتایبەت له كوردستاندا ئەوەندە بەهێز نیه، تاكو بتوانین بەرونی قسه لەسەر جیاكردنەوەی دین لەدەسەلات بكەین، چونكه بەداخەوه تاكو ئێستاش دەسەلاتی سیاسی له كوردستان وابەستەی پەیڕەوكەرانی دینن و ئامادەیی چەسپاندنی ئەو بنەمایانەیان نیه كەدین له دەسەلات جیا دەكاتەوە، بەڕای من چونكه غەیری موسوڵمان‌و مەزهەبی تریش له كوردستان هەن، دەبوا له دەستوری هەرێمدا ئایینی ئیسلام وەك هەر ئاینێكی تر بەبەشێك یاخود سەرچاوەیەك دابنرایەو جگەلەوەش ئەگەر شەریعەتی ئیسلام ڕۆڵی كارای له نوسینەوەی دەستوردا بینیوه، ئەوا ئیشكالیەتی زۆری بۆ ژنانیش دروست كردوه، چونكه له كوردستاندا پەیڕەو به یاساكانی كاروباری كەسێتی عێراقی لەساڵی 1958 دەكرێ و ئەم یاسایانه لەیاساكان‌و شەریعەتی ئیسلامەوه وەرگیراون، بەردەوام ناوهێنانی ئیسلام وەك سەرچاوەیەكی سەرەكی له دەستوردا قسەیەك ناهێڵێتەوه بۆ هەمواركردن‌و لابردنی هەموو ئەو یاسایانەی نابەرابەریان دروست كردوه لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا . بەدیوێكی تر قسەیەك ناهێڵێتەوه بۆ بەرقەراربونی ئەو یەكسانیەی كه دەستور له مادەی"21" دا باسی لێوەكردوه.

**★سەرباری ئەوەی هەندێك كەموكورتی جیدی لەڕەشنوسی دەستوردا بونی هەیه بەلام پراكتیزەكردنی ئەم دەستوره كارێكی پۆزەتیڤه بەنیسبەت هاولاتیانی كوردستانەوە، كاتی ئەوه یه بپرسین ئەم دەستوره دەتوانێت دابڕانێك دروست بكات لەنێوان دووماوەدا بەومانایەی قۆناغی پێش دەستور كەپڕیەتی له پێشێلكاریی و قۆناغی دوای دەستور كەلێوانلێوه له پابەند بەیاساو بڕگەو ماددەكانی دەستورەوه یاخود دەستور وەك تێكستێكی سواو و كارپێنەكراو دەمێنێتەوه و دەچێته چوارچێوەی دیماگۆگییەتی دەسەلاتی سیاسیەوه ؟ بۆنمونه لەعێراقدا دەستور هەیەو دەنگی شی بۆدراوه بەلام بچوكترین پەیڕەولێكردن نابینیت له لایەن كۆی عێراقیەكانەوه .**

دەمەوێ بڵێم گرنگه ئێمه وەكو هەرێمێكی فیدراڵ له عێراقدا بوین به خاوەنی دەستوری خۆمان. ئەمه نكوڵی لێ ناكرێ لەڕووی سیاسیەوه، دەسكەوتێكی گرنگ دادەنرێ، بەلام لەوه گرنگ تر جێ بەجێ كردنی دەستوره له داهاتودا سەرباری هەموو ئەو كەم‌و كوڕیانەی كه تیایدا هەیه. جگه لەوەش ناكرێ بەراورد لەنێوان خۆمان‌و عێراقدا بكەین، چونكه هەرچۆنێك بێت فەزای جێ بەجێ كردنی دەستورو سەروەری یاساو بێ لایەنی داموو دەزگاكانی قەزائی له كوردستاندا لەبارتره، بەلام بەمەرجێك ئەگەر ئەوه لەنیەت‌و پرۆگرامی دەسەلاتی سیاسیدا بێت له كوردستاندا.